# «کوێرەکانی»

## • سلام مەنمی •

کوێرەکانییەك بوو ، هەتا بلێی ئاوی کەمبوو .. لەبەر دەمیشیا گوڵێك ڕووابوو .. ئاوی کانییەکەی هەڵئەمژی‌و گەشەی پێ‌ئەکرد .. بەڵام جرجێ ژیانی پێ تاڵ کردو ئاوەکەی لێبڕی‌و نەی‌هێشت بۆی بچێ .. گەڵاکانی زەردبوون ، خونچەکانی بەرەو هەڵوەرین ئەچوون ..

ڕۆژێ بەجرجەی ووت :

**ـ بۆچی ئاوەکەم لێ ئەبڕی ؟ چ سوودێك لەوەدا ئەبینی ئاوەکە بەژێر زەویدا بڕوات ؟ ! .. هیچ نەبێ ڕێبوار ئاو لەم کانییە ئەخواتەوە ، جگە لەوەیش بە دیمەن‌و بۆنی من پێخۆشحاڵ ئەبێ ..**

جرجە پێکەنی‌و ووتی :

**ـ تۆگێلی ..**

گوڵە بەسەر سامییەوە ووتی :

**ـ بۆ .. ؟ !**

جرجەیش پێی ووت :

**ـ ئەی نازانی من دوژمنی تۆ ومرۆڤم .. ؟**

گوڵە پرسیاری لێ کردەوەو ووتی :

ـ بۆچی .. ؟ !

ـ مرۆڤ لە هەر شوێنێکا من ببینێ ئەمکوژێت :

گوڵە ووتی :

ـ تۆزیان لە خەڵەو خەرمانی ئەدەیت‌و ئاوی لێ ئەبڕی ، ئەویش دەستت لێناگێڕێتەوە .. باشە مرۆڤ ئەت‌کوژێ ، ئەی من چیم کردوە ؟ خۆ هەمیشە لە ژێر سێبەری منا پشوو ئەگرێت..

**ـ تۆیش خۆشەویستی مرۆڤی‌و ئەبینم بۆنت ئەکاتەو دڵیو دالت لێ دوور ئەخاتەوە .. جا بە ڕیشی تۆ ڕەوایە تۆ هەوای زەوی بتشەکێنێتەوەو منیش لە کونا بم .. ؟ !**

ـ ئاوەکە بەردە خۆ پەرستی بەسە .. با ووشك نەبم ..

ـ ئاو بەرەڵاکەم‌تۆو مرۆڤ بیخۆنەوە ؟

لەم باس‌و خواسە دابوون ، لەو لاوە پشیلە کێویەك هات جرجەیش خۆی بە کونی کانییەکەدا کرد ، پشیلەیش بە دوایاو بە چنگە تیژەکانی هەڵی‌دڕی‌و جرجەی بەزیکەزیك هێنایە دەرەوەو کەوڵی کردو هەرلەوێدا خواردی .. دوایش بەری کانییەکەی بەچنگ پاك‌کردەوەو ڕۆیشت. ئاوی‌کانی جارێکی‌تر هاتەوە بن گوڵەو ڕەنگی ڕوون بۆوەو ووتی:

ـ ئەمە ئەنجامی هەموو خۆپەرستێکە .